# مارگەریتە دۆراس: مێینەیەک لە راسانگەرایی  و گەردوونێک لە یادەوەرییە لێکترازاوەکان

هەندرێن



مارگەریتە دۆراسی رۆماننووس، شانۆنووس و سیناریۆنووس، لە ساڵی 1941 لە دەڤەری (هیندۆچین) لە خانەوادەیەکی فەرەنسی لە دایکبووە و لە ساڵی 1996 لە پاریس ماڵئاوایی کرد.  خوێنەری بە سەلیقە  دەزانێ کە دۆراس لە رۆمانە ناسراوەکانی وەک: "بەربەستێک بە رووی زەریای هێمن"، "ئەسپە چکۆڵەکان لە تەراکوینە"، هیرۆشیما ئەڤینەکەی من"، "کاتژمێر یانزە و نیوی ئێوارەیەکی هاوین"، "ئەڤیندار" و رۆمان و سیناریۆییەکانی تریدا، بە ئەڤینێکی روحی و خەیاڵاندنێکی شێتانەدا لە رێگای داستانبێژەکانییەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ شوێنکات و یادوەریی، وێنا دەکا.
بە هۆی کشانەوەی دەسەڵاتی فەرەنسی لەو دەڤەرەدا،دۆراس لە تەمەنێکی ساوادا لە دایکی و  مەوتەنی منداڵییەتیەکەیدا دەتارێ و پاریس دەبێتە لانکەی ژیانی. لێ دۆراس بە هۆی ئەو روحە لاسارەی خۆیەوە هەتا مردیش سەردانی دایک و مەوتەنی منداڵییەتەکەی نەکردەوە. بۆیە لە زۆربەی بەرهەمەکانی دۆراسدا، پەرێشانی وەڕسییەکانی بۆ دایکی و ئەو دەریاچەی کە لە یادەوەرییە کۆرپەلەییەکەیدا شکۆفەی گرتبوو لە کەژ و هەوایەکی روحگیر و چڕدا، ئامادەییان هەیە. لێرەوە رۆمان و دەقەکانی تری دۆراس دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ گەردوونی یادەوەرییە لێکترازاوەکانی خودی خۆی و مرۆڤە کۆچبەرەکان. وێڕای ئەوەش، مارگەریتە دۆراس، هەم لە ژیان و، هەمیش لەناو گەردوونی داهێنانەکانییدا، وەک "من"ێکی مێینەی راسانگەر، لە پرۆسەی پەیوەندییە چڕەکانی ئەڤینداریدا دیمەنگەلێکی دانسقەی ئێرۆتیکی نمایشدەکا و هاوکاتیش ئەو ئەڤینداریییە لە هاڤرێکییەکی ناسکی دۆراسییانەدا تژییە لە رۆچوونێکی شێتانە و باوەشکردن بە ئەڤینێکی ئەبەدی و هەستی دەست لێکبەردان.
لێرەوە بەرهەمەکانی دۆراس بۆ ژۆلیا کریستیڤا و ژاک دێریدا دەبێتە خاکێکی سەرنجکێش بۆ پەیڤین لە کۆکردنەوەی یادوەرییە پەرژ و بڵاوەکانی مرۆڤ و ئاستەنگی ناسنامە جیازوازەکان.
لەو روانگەیەوە دەکرێ بێژین، کە دۆراس یەکێکە لەو رۆماننووسە "پۆستمۆدێرنیست"انەی کە بەرهەمەکانی دەبنە گەردوونێک بۆ ئەو مرۆڤە یادەوەرییە لێکترازاوەی کە لە نێوان  جیاوازییەکاندا ئاستەنگی ناسنامە دەورووژێنن. لە تەک ئەمەشدا، بەرهەمەکانی دۆراس دەبنە ئاقارێک بۆ  پرسی "فێمێنیزم".

ئەوەی کە وایلێکردم دوا بەرهەمی دۆراس "گشتی ئەمەیە" بکەمە کوردی، ئەو شێوازە سەرنجێکش و دەگمەنەی دۆراس بوو، کە بە راسانگەرە مێینە ئامێزەکەی، ئەڤیندارییە دانسقەکەی، ژانی ژیان و پرسی نووسین، ناخی ئەو مرۆڤانەی کە ئەڤیندارانە دەنووسن و دەژین، لەو کتێبە چکۆڵەیەدا ئاپۆرە دەکا.
هاوکاتیش، بۆ من لەو کاتەی کە هەموو یادوەریی و بوون بە چۆڵەوانییەک گەمارۆ دەدرێ و تەپ و تۆزی نووسینی کوردی تامێک لە زمان ناهێڵێتەوە، وەرگێڕانی بەرهەمێکی لەم چەشنە دەبێتە گفتوگۆیەکی هی دڵیی و رەسەن و ئاسۆییەکانی ئاشتبوونەوە لەگەڵ خود ئاوەڵا دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، کە ئەو دەقە چەندان مانگە بە دوای چاپکردن ئەو دەست و ئەم دەستی پێدەکرێ، لێ لەبەر ئەو دۆخە مردۆخ و گەندەڵبازارییە حیزبی و ناحیزبییەی دەزگایەکانی وەشاندن لە کوردستاندا، وەک کتێبەکانی ترم، هێشتا چاپ نەکراوە. بۆیە، وەک کانییەکی خێرات حەواڵەی "دەنگەکان"ی دەکەم، ئیتر کێ دەخوازێ لە چەشەی نووسینی بەڕاستی بچێژێ، دەکرێ بیخوێنێتەوە.

2006

ستۆکهۆڵم